# ئاینی زەردەشت لە دیدگای ئێمەوە

(آئین زرتشت از دیدگاه ما)

نوسینی:

موستەفا حوسەینی طباطبایی

بەکوردی کردنی:

جوتیار قارەمان



وێنەی نووسەر لەکتێبخانەکەیدا

# ژياننامەی نوسەر[1]:

بەڕێز (مصطفى حسينى طباطبائى) لە ساڵی 1314هەتاوی کۆچی بەرامبەر بە 1936زاینی  لە بنەماڵەیەکی ئاین پەروەر و زانست خواز دا چاوی بە دنیا هەڵهێناوە.

ئەمان نەوەی ئايەتوڵڵا (طباطبائى گەورەن) کە بە یەکێك لە سەرکردەکانی شۆڕش دادەنرێت و، باوکی دایکیشیان (عەللامە ئاشتیانی)ە کە مامۆستای بەڕێز لە تەمەنی لاویدا لەگەڵ ئەم باپیرەیەیدا گفتوگۆ و بیر و بۆچوون گۆڕینەوەی زۆر لە نێوانیاندا هەبووە، وە تەنانەت توانی بووی زۆرێك لە بیر و باوەڕە لادەرەکان(انحرافات)ی شیعە گەری بۆ باپیری بسەلمێنێت و پێی قبولّ بکات کە لادەرانەن!

مامۆستای بەڕێز لە نەوجەوانیدا چووتە (حەوزەی زانستی قوم) و لە نزیکەی تەمەنی بیست ساڵیدا توانیویەتی بڕوانامەی (اجتهاد) لە زانایانی ئەو سەردەمە وەربگرێت. ئەمان هیچ کات جل و بەرگی (ئاخوند)ی و پیاوی ئاینییان لەبەر نەکرد و هەمیشە بە دوای لێکۆڵینەوە و خستنەڕووی ڕاستییەکانەوە بوون. وە تەنانەت هەر لەو سەردەمانەدا تێکەڵاوی دانیشتنەکانی گروپە (بەهائی)یەکانی دەکرد و گفتوگۆ و

[1] ئەم ژیاننامەیە لەلایەن وەرگێڕەوە ئامادە کراوە.

موناقەشەی زۆری لەگەڵ دەکردن و هەر لەگەنجێتیدا چەندین کتێبی لە ڕەدی (بەهائییەکان) نووسی.

ئەم بڕوای وابوو کە نوێژی (هەینی) واجبێکی خوداییە، کە لە ناو کۆمەڵگەی شیعەگەریدا فەرامۆش کرابوو، وە بە پێویستی دەزانی کە ئەم نوێژە زیندوو بکرێتەوە و بەم بۆنەیەشەوە لە هەمان شوێنی خۆی ئەم سوونەتە ئیلاهییەی بەرپاکرد و بە وتەی یەکێك لە هاوەڵە کۆنەکانی نزیکەی چل ساڵ لەمەوبەر تەنانەت بۆ دوو کەسیش نوێژی هەینی ئەنجامدەدا تا ئەوەی ئاشنایەتییان لەگەڵ (عەللامە بورقوعی قومی) پەیداکرد.

بەم جۆرە باس لە ئاشنایەتی نێوانیان دەکات:

(( بیستم کە لە مزگەوتێك زانایەك هەیە وانەی تەفسیر دەڵێتەوە و بڕیارمدا بچم بۆ ئەووانەیە، لەشەوێکی هاویندا لە سەربانی مزگەوتەکە وانەکە دەستی پێکرد و (عەللامە بورقوعی) تەفسیری سورەتی (یس)ی دەکرد و هەر لەسەرەتاوە فەرمووی (یس) واتە: (ئەی موحەممەد سوێند بە تۆ و ....... هتد) هەمان ئەوقسانەی کە شیعەکان دەربارەی سورەتی (یس) دەیکەن.

دوای تەواوبوونی وانەکە چووم بۆلای و وتم: (حاجی مامۆستا) (یا) و (سین) پیتی پارچەیی (مقطع)ن و جیاوازیی هەیە لەگەڵ پیتی (یا)ی

بانگکردن (نداء) و بڕێك ڕوونکردنەوەی تر لەم بارەوە کە پێویست بوو باسمکرد و ئەویش بەهەمانشێوەی خۆی بێ دەنگ و بێ قسەکردن گوێی بۆگرتبووم و پاش تەواو بوونی وتەکانم ماوەیەکی کەم بیری کردەوە و فەرمووی: بەڵێ، ئێوە ڕاست دەکەن! بۆ من زۆر مایەی سەر سووڕمان بوو بۆ یەکەمجار بوو کە ببینم کەسێکی (ڕۆحانی) گوێ لە کەسێك بگرێت کە جل و بەرگی ئاسایی لەبەردا بێت و وتەکانی پەسەند بکات!)).

ئاشنا بوونی مامۆستای بەڕێز بە (عەللامە برقعی) و بەرپاکردنی نوێژی هەینی لە مزگەوت و وتار و گفتوگۆکان لەوێ بووە هۆی ئەوەی کە خەڵکی لە دوور و نزیکەوە ڕوو بکەنە ئەوێ و هاو بۆچوون و دژە بۆچوون لەکۆڕەکاندا بەژداری بکەن و هەر ئەم کارەش بوو بووە هۆی ئەوەی ئەوکەسانەی کە بەدوای ڕاستیدا دەگەڕان بیروبۆچوونیان بەلای یەکتا پەرستیدا زیاتر بڕوات و لە شیرك و خورافات دوور بکەونەوە، ئەم بابەتە زۆرگران و ناڕەحەت بوو بۆ ئەوکەسانەی کە ساڵەهایە خەڵکییان بە بیروباوەڕی شیرك و خورافاتەوە ئاوێتە کردبوو کە سودیان لە نەزانی ئەوخەڵکە وەرگرتبوو! وە درێژەی ئەم بابەتە لە کتێبی (ژیاننامەی عەللامە برقعی)دا هاتووە.

خوالێخۆش بوو (عەللامە برقعی) لەوکتێبەیدا دەربارەی بەڕێز (مصطفی حسینی طباطبائی) بەمشێوەیە دەدوێت:

(( شەوێك هاتم بۆ مزگەوت و پاش ماوەیەك هەمان حاجی عبدالرحیم بە هەواڵی تازەوە بە پیریمەوە هات و بابەتێكی بۆ باس كردم و منیش بابەتەكە تێ گەیشتم، بەڵام درەنگ بوو و هیچ چارەیەكم نەبوو جگە لە دان بە خۆدا گرتن. بابەتەكە ئەوە بوو كە ئامۆژگاریكەری ئەم مزگەوتەی ئەمان گوتەی ناشرین و نەشیاو بە هاوەڵانی (پێغەمبەرﷺ) دەدات و باسی گەورەیی (علیؓ) و چەسپاندنی ویلایەتەكەی دەكات و هەموو شەوێكیش ئەم بابەتە دووبارە دەكاتەوە و سەرم سووڕما مەگەر كەسێك هەیە دژایەتی ویلایەتی (علیؓ) بكات؟! بینیم هەموو شەوێك هەمان بابەتە، منیش بە ئامۆژگاریكەرەكەم گوت: بەڕێز لەم ڕۆژەدا لاوانی ئێمە باوەڕیان بە خودا و قیامەت نی یە، كەمێك لە بارەی خوداناسی و قیامەتەوە بدوێن باشترە و لێرە كەسی لێ نی یە كە دژایەتی ویلایەتی (علیؓ) بكات.

گوتی: خاوەنی ئەم كۆڕ و دانیشتنە داوای لێ كردووم كە هەموو شەوێك لەبارەی ویلایەتی (علیؓ) بدوێم.

وتم بە (حاجی حسین) خاوەنی كۆڕەكە: كاكە خۆ لێرە كەس دژایەتی ویلایەتی (علیؓ) ناكات كە ئاوا ئێوە دەستورتان داوە كە هەموو

شەوێك لە بارەی چەسپاندنی ئەم بابەتەوە  قسە بکرێت و لەعنەت و جنێو بە خەلیفەکان بدات؟

حاجی وتی: با، بەم تازەییانە کەسێك بووەتە (سوننی).

وتم: کێ یە؟!

وتی: سید مصطفی.

وتم: خۆ لەم کۆڵانەی ئێمەدا کەسێ بەم ناوەوە نی یە؟

وتی: تۆ ئەو ناناسیت ئەو دانیشتووی (شمیران)ە.

لە (شمیران) تا گەڕەکی (شاهپور) و ئەم مزگەوتە ڕێگەکەی زۆر دوور و دژوار بوو.

وتم: دەی بچنە (شمیران) و قسە لەگەڵ خۆی بکەن و تاوانی ئێمە چی یە و ئێمە و خەڵکی ئەم گەڕەکە خۆ تاوانمان نی یە؟

من تا ئەو کاتەش (سید مصطفی)م نە دەناسی و دواتر تێ گەیشتم کە ئەو گەنجێکی وریا و زیرەك و ڕۆشنبیر و لێکۆڵەر و بەڕێزە و لە گەڕەکی (شەمیران) نیشتەجێ دەبێت و نەوەی (ئایەتوڵڵای گەورە میرزا ئەحمەد ئاشتیانی)یە بە ناوی (سید مصطفی طباطبائی) بانگ دەکرێت و بە هیچ جۆرێك دژی ﷺ) نی یە و بەڵکو خۆی بە یەکەمین خۆشەویست و لایەنگری ڕاستەقینەی (علی ﷺ) دەزانێت و بیر و باوەڕی وایە کە (علی ﷺ) شوێنکەوتەی دینە و، نە ئەصڵی دینە و نە فەرعی دین)).

خوا لێخۆش بوو (عەللامە برقعی) لە بەشێکی تری یادەوەرییەکانیدا سەبارەت بە مامۆستای بەڕێز (مصطفی حسینی طباطبائی) بەم جۆرە دەنوسێت:

((.....ئاخوندێك بە ناوی (سید هادی خسرو شاهی) دوژمنایەتییەکی زۆر توندی یەکتا پەرستانی دەکرد تەنانەت چەند کەسێکی نەخوێندەواری بە پارە هەڵخەڵەتاندبوو تا لە ڕۆژی نۆزدەهەمی مانگی پیرۆزی ڕەمەزاندا من بکوژن!! قەدەرەن هەر ئەو ڕۆژە دوای ئەوەی لە نوێژی نیوەڕۆ لێ بوومەوە بۆ گوێگرتن لە وتاری یەکێك لە هاوەڵانی بەڕێز و ڕۆشنبیر و لێکۆڵەرم و یەکتاپەرستی ڕاست و لێکۆڵەری پایەبەرز جەنابی (سید مصطفی حسین طباطبائی) خودا سەرکەوتوو و سەرفرای بکات و بیپارێزێت، لە گۆشەیەکی مزگەوتەکەدا دانیشتم، بکوژەکان بە گومانی خۆیان وتار بێژ (برقعی)یە و هێرشیان کردە سەر ئەو بەڕێزە، بەڵام ئەو مامۆستا پایەبەرزە کە بەڕاستی پیاوێکی نەبەرد و ئازایە هیچ ترسێکی لێ نەنیشت و بەرامبەریان وەستایەوە و لەو کاتەشدا کۆمەڵێك لە گوێگران پەلاماریاندا و پارێزگارییان لێ کرد و نەیان هێشت ئەم مامۆستا بەڕێزە بریندار ببێت و خۆیان بریندار بوون)).

بەهەمان ئەو شێوەیەی کە باسکرا دانیشتن و وتارەکان و تەفسیری قورئان و وتارەکانی ڕۆژی هەینی لە مزگەوتی کۆڵانەکەدا کاریگەری خۆی

هەبوو و هەر ڕۆژە و گێرەشێوێنێکیان هاندەدا تا هێرش بکاتە سەر مزگەوت و تەنانەت ئەو تابلۆیەی سەر دەرگای مزگەوتەکە کە ئەم ئایەتە پیرۆزەی لەسەر نووسرابوو: ((فَلا تدعُوا مَعَ اللهِ أَحَدَاً......)) شکاندیان. بە هەر حاڵ ئەمجارەیان دەست بە دامانی دەربارەکان و ساواك بوون و لە ڕێگەی ئاسایشەوە ڕێگەیان لە یەکتاپەرستان گرت و ئاخوند (خسرو شاهی) لە خۆشیدا ئاهەنگی دەگێڕا و وێنەکانی (شاه و فەرەحی) لە ژوورەکەیدا هەڵواسی (هەر ئەم ئاخوند لە دوای شۆڕش کرا بە بەڕێوەبەری ((بنیاد مستضعفان)) ئەتوت نە بای دیوە و نە بۆران) مامۆستا لەگەڵ (عەللامە برقعی)دا لە ماڵێکدا لە شەقامی (جمال زادە) کە بە کرێ گیرابوو درێژەیاندا بە کار و چالاکییەکانیان تا ئەوەی لە پاش شۆڕش ئەزێت و ئازارێکی زۆر بۆ سەریان دەستی پێکرد و بە ناچاری ئەوێشیان تەرك کرد و مامۆستا(طباطبائی) ماوەیەك لە ماڵی باوکی نوێژی دەکرد و (عەللامە برقعی)ش لە ماڵی خۆیان کە لە شەقامی (ئازادی) بوو نوێژی دەکرد، بەڵام دوای چەند مانگێك تەعەهودیان لە (عەللامە برقعی) وەرگرت کە ئیتر لە ماڵی خۆیشیدا نوێژی هەینی بۆ کەس نەکات.

مامۆستا (طباطبائي) بە هاوەڵی یەکتا پەرستان هەر هەفتە و لە ماڵی هاوڕێیەك کە لە ماڵی کامیان بار و دۆخەکە لەبار بووایە ئەم نوێژەیان ئەنجام دەدا و تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت بە بوونی چەندین کێشە و گیر و

گرفت و دەستگیر کردنیش بە فەزڵی خودای میهرەبان هەر بەردەوامی هەیە.

لە پاش شۆڕش کتێبێك بە ناوی (بیست و سە سال –بیست و سیٚ ساڵ–) چاپ کرا کە پێغەمبەرایەتی (پێغەمبەرﷺ)ی دەخستە ژێر پرسیارەوە و ئەم کتێبە لەلایەن چالاکوانە چەپەکانی ئەو سەردەمە کە چالاکی زۆریان هەبوو چاپکرابوو و دەیان فرۆشت! چەند کەسێك لەزانایانی (ڕۆحانی) دەست بەدامانی مامۆستای بەڕێز بوون و تکایان لێکرد کە وەڵامێك بۆ ئەم کتێبە بنووسێت! مامۆستا(طباطبائی) لەوەڵامی ئەم کتێبەدا کتێبێکی لەژێر ناونیشانی ((خیانت در گزارش تاریخ –ناپاکیکردن لەگێڕانەوەی مێژوودا–)) و دوای ماوەیەکیش بەرگی دووهەمی ئەم کتێبە بڵاوکرایەوە و دواتریش بەرگی سێهەمی بەچاپ گەیەنرا کە وەڵامێکی زۆر جوان و بەڵگەدار بوو بەرامبەر بە هەڵیت و پەڵیتییەکانی نووسەری کتێبی (بیست و سە سال).

قەدەرەن لەم ساڵانەی دوایدا لە ئەورووپا کتێبێك بڵاو کرایەوە بە ناوی ((تولیدی دیگر–لەدایکبوونێکی تر–)) کە نووسەرەکەی کەسێك بوو بە ناوی (شجاع الدین شفا) کە بەڕێوبەری کتێبخانەی نیشتمانی سەردەمی (شاه) بوو. نووسەر هەوڵیداوە لەم کتێبەیدا کە هەڵە لە ئاینە ئاسمانییەکانی وەك (یەهودییەت و مەسیحیەت و ئیسلام) بگرێت و بە

درۆودەلەسەکانی خۆی هەوڵیداوە وێنایەکی ناشیرین و خراپ بۆ ئیسلام بکات.

هەندێك لەدۆستان لەئەمریکا و ئەوروپاوە ئەم کتێبەیان بۆ مامۆستا (طباطبائی) نارد و بۆیان نووسی بوو کە بەبڵاوبوونەوەی ئەم کتێبە چەندین شەپۆل بۆ سەر ئیسلام سەریهەڵداوە و ئەگەر وەڵامی ئەم کتێبە نەدرێتەوە ئەوا ژەهرەکەی کوشندە دەبێت بەتایبەتی بۆ چینی لاوان و دەکەونە ژێر کاریگەرییەوە. مامۆستا (طباطبائی) لەوەڵامی ئەم کتێبەدا کتێبێکی بە ناونیشانی (دین ستیزی نافرجام–بەرەنگاربوونەوەی ئایین بەشێوەیەکی بێڕێزانە–) نووسی، بەڵام زۆر بە داخەوە لەئێران ڕێگەیان نەدا بەچاپ کردنی ئەم کتێبە و بەناچاری نوسخەیەك لەم کتێبە لەڕێگەی دۆستێکی مامۆستا (طباطبائی)یەوە بەناوی (بهبهانی) کە بۆلای کوڕەکەی دەچوو بۆ ئەمریکا بردی لەگەڵ خۆی و لەوێ بەچاپ گەیەنرا. وە پاشانیش دوای ماوەیەك لەئێرانیش ڕێگەیاندا کە چاپ بکرێت و گەیشت بەدەستی خوێنەرانی تینووی ئەم بابەتە.

مامۆستا (طباطبائی) چەندین کتێب و مەقالەی نووسیوە کە زۆربەیان ڕێگەی بڵاوبوونەوەیان لێگیراوە و بڕێکی کەمیان گەیشتووەتە دەستی خوێنەران، بەڵام خۆشبەختانە زۆربەیان لەسایتەکانی ئینتەرنێتدا هەن بەتایبەتی سایتی مامۆستای بەڕێز خۆی

وه سايتى كتێبخانەى عەقيده (http://www.tabatabaie.net) وه لەم ساڵانەى دوايدا (http://www.aqeedeh.com)، بەيارمەتى هەندێك لەدۆستان وانەكانى تەفسيرى مامۆستا كۆكرانەوه و به شێوەى كتێب به چاپ گەيەنرا كه تا ئێستا تەفسيرى چەند سورەتێك لەبەردەستدايه إنشاء الله بەڵكو خودا يارمەتيدەر بێت بتوانرێت هەمووى به تەواوى بەچاپ بگەيەنرێت.

مامۆستا (طباطبائى) كه نزيكەى چل ساڵ دەبێت نوێژى هەينى هەر هەفتەيەك به كۆمەڵێك تەنگ و چەڵەمه و دەردەسەرى دەكات و لەلايەن دەمارگيران و سەرسەختەكانى شيعەوه ڕووبەڕووى ئەزييەت و ئازار بووەتەوه، وه ئەگەر سۆز و ميهرەبانى خوداوەند نەبووايه ئەوا نەيدەتوانى كه تا ئێستا ئەم كار و ئەركه گرنگانەى ئيسلامەتى جێبەجێ بكات، وه بەبوونى ئەم هەمووه دوژمنه ئاشكرا و نهێنييانه و ڕێگرييه بێ ئەندازانەوه سوپاس بۆ خودا توانيويتى ئەم بيروباوەڕى يەكتاپەرستى يه بڵاوبكاتەوه و كتێب و سى دى و وتارەكانيان بگاته دوورترين شوێنەكانى وڵات و تەنانەت لەدەرەوەى وڵاتيش لەئەمريكا و ئەورووپا بڵاوبوونەتەوه !

# هەندێك لە بەرهەمەكانی نووسەر:

1) حافظ در میان موافقانش و مخالفانش
2) راهی بسوی وحدت اسلامی
3) خیانت در گزارش تاریخ (سێ بەرگ)
4) دین ستیزی نافرجام
5) نقد آثار خاور شناسان
6) ماجرای باب و بهاء
7) دعوت مسیحیان به توحید
8) بررسی آراء اخباری و اصولی
9) متفكّرین اسلامی در برابر منطق یونان
10) بردگی از دیدگاه اسلام
11) شیخ محمّد عبده مصلح بزرگ مصر
12) اسلام و بتهای غرب/منهای معنویت
13) نقد آراء ابن سینا در الهیّات
14) حقارت سلمان رشدی

15)نقد کتاب حدیث

16)فتح البیان فیما روی عن علي من تفسیر القرآن

17)بین النهرین در روزگار خلفای راشدین

18)مراحل و منازل حج

19)اعجاز عددی در قرآن

20)دفاع از عدّد زوجات اسلامی

21)سه مرز آفرینش

22)پرتوی از دوات فرخنده علوی

23)نماز جمعه نماز انقلابی و فراموش شده

24)بَیانُ الحَقیقَة في جَرح الأبدانِ عِندَ المُصیبةِ

25)فاصله ها را از علی(ع) کم کنیم

26)تسامح شدّت عمل در اسلام

27)معانی باطنی در قرآن کریم

28)ویژه‌گیهای بازار اسلامی

29)وحی قدسی نه وحی نفسی

30)پیوند دین و حکومت

31)قرآن در روزگار نو

32)علیٌّ بین االتقصیر و الغلوّ

33)خدا و پیامبران در تورات و انجیل و قرآن

34)آیا سجده بر غیر زمین جایز است؟

35)رمز عجب!

36)محمّد پیامبر رحمت و شمشیر

37)اجتهاد در برابر نص

38)نوگرایی در اجتهاد

39)پاسخ به شبهات

40)رفع اشتباه و دفع افترا ء

41)قرآن بدون حدیث هم قابل فهم است

42)رسول خدا(ص) و تبیین آیات

43)زن در آین زرتشتی و بهائی

44)مسؤلیّت و ایمان

45)نامه ی سرگشاده به مراجع تقلید

46)پاسخ به اشکالات مذهبی نسل جدید

47)دفاع از شمشیر اسلام

48)بسوی خدا

49)در پاسخ ایراد نحوی بر قرآن

50)در پاسخ مفتری

51)آیین زرتشت از دیدگاه ما

52)سه مقاله

53)دفاع از قرآن کریم

54)در پاسخ شبهات دکتر سینا

55)وحی قدسی

56)اسلام ستیزی معاصر

57)با فرهنگ اسلامی ستیزه نکنید

58)اسلام پزیری ایرانیان

59)نقد نظریه پلورالیسم دینی (وەڵامێك بۆ دوكتۆر عبدالكریم سروش)

60)ملاحظاتی دربارەی رویکرد انسانگرایانه در قرآن

61)در محکومیّت همجنس گرایی

62)ثبات و حرکت در ذهن و –عالمِ– خارج

63)نقد ترجمه‌ی ((وقعةُ صفِّین))

64)زبان قوم، نه فرهنگ ایشان!

65)نقد ترجمه‌ی ((الغارات))

66)نقد مقاله‌ی ((حجاب و پوشش سر و گردن))

67)اسلام و اقطاب غربی

68)هانری کُربن و باطنـگیری

69)مسلمان آگاه را هراس از سخنان مخالف نیست

## بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

# پێشەکی نووسەر

سوپاسی خودای یەکتا دەکەین بە دڵ و گیان و درودی بێ پایان لە هەموو پەیامبەرانی و بە تایبەتی سەرداری پێغەمبەران (محمدﷺ).

ماوەیەکە کۆمەڵێك لەنوسەران و خۆبە زەردەشتی زانەکان، ڕەخنە و توانج لەئیسلام دەگرن، بەم دواییانەش ئەم وتووێژ و جوڵانەوانە ڕوو لەزیادبوونە، وە ئەم کۆمەڵە دەم بڵاوە داوا لەموسوڵمانان دەکەن کە واز لەئیسلام بهێنن و ببن بەزەردەشتی، یەکێك لەهاوڕێیانم بەگەرم و گوڕی و نیگەرانییەکی زۆرەوە داوای لەم خاوەن پێنوسە کرد بۆچوونی ئیسلام و بۆچوونی لێکۆڵەرەوانی ئیسلامی دەربارەی ئاینی زەردەشتی ڕوون بکەمەوە و بەشێك لەلاڕێییەکانی ئەم ئاینە ئاماژە پێبدەم، وە وەڵامی هەندێك لەگومانەکانی بانگەشەکارانی ئەم ئاینە بدەمەوە.

لەم ڕووەوە هەوڵمداوە بەڕەچاوکردنی ئەدەب و ویژدانەوە چەند وتەیەك بەکورتی و بەپوختی لەبارەی ئەم بابەتەوە بنوسم تا وەڵامێکی گونجاو بدەمەوە. ئومێدەوارم کە هەلێکی تریش بێتە پێشەوە و لەم

بــوارەدا بەدرێــژی بــدوێم و بەســود وەرگــرتن لەیاداشــتەکانم بابەتەکــە دەوڵەمەندتر بکەم، **و مَا تَوْفِيْقِي إلا بِالله.**

**تاران–زستانی 1384هەتاوی**

موستەفا حوسەین طباطبایی

# ئیسلام و ئاینی مەجوس

ئێمە ئەگەر چاوپۆشی بکەین لەبەڵگەکانی قورئان و ڕیوایەتی پێغەمبەران، ئەوا هەرگیز ناتوانین پەی بە حەقیقەتی زەردەشت و ئاینەکەی ببەین، چونکە یەکەم شت ئەوەیە کە سەردەمی سەرهەڵدانی زەردەشت و چۆنییەتی مامەڵە کردن و سیفەتەکانی ڕۆشن نین، وە دووەم شت ئەوەیە کە کتێبی (ئاڤێستا)کەی کە دەدرێتە پاڵی، بەدەر نی یە لە دەست تێوەردان و زیادە و کەم و کوڕی. لەبەر ئەوە نە دەتوانرێت پێغەمبەری ئەم ئاینە بە باشی بناسرێت و نە کتێب و پەیامەکەیشی دەتوانرێت بەدروستی دەستبکەوێت، تەنانەت سەردەمی دەرکەوتنی (زەردەشت) زانراو نی یە و نازانرێت لەکام سەردەمدا ژیاوە؟

(ئیبراهیم داود پور) کە زۆربەی زەردەشتییەکان بەپێشڕەوی (ئاڤێستاناسان)ی ئەم دواییانەی دادەنێن، لەو دیباچەیەدا کە لەسەر (گاتا)[1] نوسیویەتی، لەبارەی سەردەمی (زەردەشت)ەوە دەنوسێت:

---

[1] گاتا: بە کۆنترین بەشی ئاڤێستا دادەنرێت.

((لەم بارەیەوە ڕیوایاتەکان بەئەندازەیەك جیاوازن کە هەرگیز ناتوانرێت ڕێکەوتن و گونجان لەنێوانیاندا بکرێت))[1]

دیسانەوە دەنوسێت:

((بە تەواوی و دروستی نازانین شوێنی لەدایك بوون و سەردەمی ژیانی (زەردەشت) کە لە کوێ و کەی بووە، بۆچی؟ بۆئەوەی کە (زەردەشت) پەیوەستە بە سەردەمێکی زۆر کۆنەوە کە دەستی مێژوو ناگات بەلوتکەکەی))[2].

لەکتێبی زەردەشتییەکاندا واهاتووە کە (ئەسکەندەری مەقدۆنی) کتێبی (ئاڤێستا) کە لە(حەسار)دا چاودێری لێدەکرا سوتاندی و لەناویبرد، وە ئەم قەڵایە بەشێك بوو لەکۆشك و سەڵتەنەتی (جەمشید) و وەك (کتێبخانە)ی ناو کۆشك وابوو. وە هەروەك کە (تێنسەر هیربێد) لەسەردەمی (ئەردەشیری بابەك)ەکاندا لەهەزار و حەوسەد ساڵ پێش ئێستادا بۆ پادشای (تەبەرستان) (جسنەف شاه) نوسیبووی:

((ئەزانی کە (ئەسکەندەر) 12 هەزار پێستەی گای لەکتێبی پیرۆزی ئێمە سوتاند لەناو گۆمێکدا))[3].

---

[1] گاتها: ترجمه پور داود، صفحه28 از دیباچه.

[2] گاتها: ترجمه پور داود، صفحه21 از دیباچه.

[3] نامه تنسر با تصحیح مجتبا مینوی، صفحه 11.

نامەکەی (تێنسەر) بە یەکێك لەپاشماوە کۆنەکانی ئێرانی سەردەمی (ساسانی) دادەنرێت کە (ابن مقفع) لە(پەهلەوی)ەوە وەریگێڕاوە بۆ (عەرەبی)، وە پاشانیش (ابن اسفندیار) لە (تاریخ طبرستان)دا لە(عەرەبی)ەوە وەریگێڕاوە بۆ (فارسی).

بۆ پاڵپشتیکردنی ئەم نامەیەش، لەکتێبی ((ارداویرافنامە))شدا دەبینین کە نوسراوە:

((ئەهریمەنی شەڕانی بۆ ئەوەی خەڵکی بێبڕوابن، (ئەسکەندەری ڕۆمی) ڕاپەڕاند و بەمەبەستی تێکدان و کاولکردنی وڵاتی (ئێران) ناردی تا گەورەکانی کوشت و، ئەم ئاینەی (ئاپێستاك=ئاوێستا) و (زەند)[1] کە لەسەر پێستی (گا) و بەئاوی زێڕ نووسرابوو و ڕازێنرابوویەوە و لەگەنجینەی (حەسار)دا پاراستبوویان، ئەم (ئەهریمەن)ە نالەبارە (ئەسکەندەر)ی وا لێکرد کە بیان سوتێنێت))[2].

لە دوای لەناوچوونی (ئاوێستا) چەند جارێك کۆکراوەتەوە و نوسراوەتەوە لەدەمی ئەو کەسانەوە کە لەبەریان بووە، بەڵام هیچ کاتێك نەیانتوانی هەمووی بەتەواوی بەدەستبهێننەوە و ئەوەش کە کۆکرایەوە پارێزراونەبوو لەگۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕ و دژیەکی.

---

[1] زەند: ڕاڤەی (ئاوێستا)یە.

[2] کتێبی (اردواير افنامه) ترجمه رشيد باسمی،صفحه1.

(پور داود) لە(دیباچەی گاتا)دا دەنوسێت:

((تەواوی وتەکانی (زەردەشت)مان لەبەردەستدا نی یە، تەنها بەشێکی کەم لەوتەکانیمان پێگەیشتووە))[1].

وە دەربارەی تێکچوون و شێوێنراوی (ئاوێستا) دەنوسێت:

((کتێبی پیرۆزی (ئێران)ییەکان بە درێژایی ڕۆژگارەکان ئافاتی زۆری بەسەردا هات، ئەگەر وتەیەك ناشیاو هاتە پێشچاو پێویستە کە گلەیی لەکێشمەکێشی ڕۆژگار بکرێت، نەك لەبێژەرەکەی))![2].

دیسانەوە دەنوسێت:

"(دینکرد-کە یەکێکە لە کتێبەکانی ئاینی زەردەشتی-)[3] بەهیچ شێوەیەك پەیوەندی بەکاروباری ئاینییەوە نییە و پابەندیش نییە بەدەمارگیرییەوە، پێویستە بەڕاشکاوییەوە بوترێت ئەو(ئاوێستا)یەی کە لەبەردەستماندایە، ئەو کتێبە پیرۆزەی زوو نییە"![4].

---

[1] گاتها، ترجمه پور داود،صفحه36.

[2] گاتها، ترجمه پور داود،صفحه15.

[3] دینکرد: کتێبێکە لە بارەی ئاداب و ڕسوماتی ئاینی زەردەشتییەوە ، کە لەلایەن دوو کاهینی مەجوسی ناسراوەوە لە سەردەمی (مأمون- خەلیفەی عەباسی-)دا کۆکراوەتەوە.

[4] گاتها،ترجمه پور داود،صفحه 51.

زۆر ڕوون و ئاشكرایە ئاینێك كە كتێبەكەی شێوێنرابێت و مێژووی ژیانی پێغەمبەرەكەشی بەدروستی نەزانرێت، ئەگەر پەسەندیشی بكەین كە ڕۆژگارێك لەسەردەمی خۆیدا گونجاو بووبێت بۆ پەیڕوی لێكردن، ئەوا ئەمڕۆ سەردەمی بەسەرچووە و گونجاو نییە بۆ پەیڕەوی لێكردن.

## دادپەروەری ئیسلام:

سەرەڕای ئەمانەش ئێمەی موسوڵمان بەپەیڕەوی و گوێڕایەڵی لەیەك ئایەتی پیرۆزی قورئان و حەدیسێكی ڕیوایەتكراو لەپێغمبەری بەرز و بەڕێزەوەﷺ، (زەردەشتیەكان) بەئەهلی كیتاب دەزانین و ڕێز و ئیحتیرام لە(زەردەشت) دەگرین، هەرچەندەش كە (زەردەشتییە دەمارگیرەكان) قەدری ئیسلامیش نەزانن!

پێویستە كە بزانرێت لەقورئانی پیرۆزدا پەیڕەوانی ئاینی (زەردەشت) بە (مەجوس) ناویانبراوە، ئەمەش هەمان ئەو وشەیەیە كە لە(ئاوێستا)دا

به شێوەی ((مەگ (Mages) )) هاتووە، هەروەك لە یەسنای29[1] بەندی 11 و یەسنای 46 بەندی 14 و یەسنای 51 بەندی 11 و 16 و یەسنای 52 بەندی 7 دا دەبینرێت. لە(ئاوێستا)دا واژەی (موغو) کە بەرامبەرە بە وشەی (موغ یان مەجوس) بەکارهاتووە کە نزیکە لەوشەی (مەگهە)ی (سانسکریت)یەوە.

هەرچۆنێك بێت (قورئانی پیرۆز) دەفەرموێت:

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَٱلَّذِينَ هَادُواْ وَٱلصَّٰبِـِٔينَ وَٱلنَّصَٰرَىٰ وَٱلْمَجُوسَ وَٱلَّذِينَ أَشْرَكُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ يَفْصِلُ بَيْنَهُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ شَهِيدٌ ﴿١٧﴾﴾ ﴿الحج: 17﴾.

واتە: ((ئەوکەسانەی کە باوەڕیان هێناوە بەئاینی (ئیسلام) و ئەوکەسانەشی کە بوونە (یەهودی) و (نەصرانی) و (مەجوسی) و ئەو کەسانەشی کە توشی هاوەڵدانان بۆ خودا(شرك) بوون، بەدڵنیاییەوە خودا لەڕۆژی ڕەستاخێزدا لەنێوانیاندا دادوەری دەکات، بەڕاستی خودا ئاگاداری هەموو شتێکە)).

[1] یەسنا: بەشێکە لە (ئاوێستا).

لەم ئایەتە پیرۆزەدا وشەی (مجوس) بەهۆی پیتی (واو)ەوە (عطف) کراوەتە سەر (یهود) و (صابئین) و (نصاری) و لەڕیزی ئەهلی کیتابدا جێگیر بووە، لەکاتێکدا (موشریکەکان) بەهۆی (اسم موصول)ی (الذین) لەئەهلی کیتاب جیاکراونەتەوە، ئەمەش خۆی لەخۆیدا نیشانەی ئەوەیە کە (قورئانی پیرۆز) (مەجوس)ەکانی لەگەڵ ئەو بت پەرستانەدا یەکسان نەکردووە کە پەڕاو و شەریعەتیان نی یە.

لەکۆنترین پاشماوەکانی سوننەتی ئیسلامیدا وەك: کتێبی (الموطأ)ی (مالك بن أنس) و کتێبی (الخراج)ی (قاضی أبو یوسف)یشدا هاتووە کە پرسیاریان لە(پێغمبەرﷺ) کرد لەبارەی ئەوەی کە چۆن لەگەڵ (مەجوسییەکان)دا هەڵسوکەوت بکەن و بەچ شێوەیەك مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن؟

ئەویش فەرمووی:

**«سنُّوا بِهِمْ سُنَّةَ أَهْلِ الْكِتَابِ»**[1].

واتە: (( بە هاوشێوەی ئەهلی کیتاب هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکەن)).

---

[1] ئەتوانی سەیری (الموطأ)ی (امام مالك) بەشی 1،لا27، و کتێبی (الخراج)ی (قاضی أبو یوسف – لە سەردەمی هارونە ڕەشید دا قازی بووە–)، لا 140، بکەیت.

وه لێکۆڵەران دەزانن کە هەڵسوکەوتی (ئیسلام) لەگەڵ کۆمەڵانی خاوەنی کتێبە ئاسمانییەکاندا چۆنە، کە لەپارێزگاری کردن و پەیڕەوی کردن لەئایینەکەیان ئازادن، بەو شێوەی کە (ئایەتی 8ی سورەتی الممتحنة) باسی دەکات بەو مەرجەی کە لەگەڵ موسوڵمانناندا نەجەنگن، وە پێویستە کە بەدادپەروەری و ڕەفتار جوانییەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکریت بەو شێوەی کە (ئایەتی 5ی سورەتی المائدە) باسی دەکات، وە دەتوانرێت کە بۆ میوانداری کردن بۆ ماڵەوە بانگهێشت بکرێن و هەروەها بچیت بۆ میوانداریيەکانیان و دەتوانی ژنیان لێ بهێنیت و .....هتد

لە سەرچاوە (شیعیەکان)یشدا وتەیەکیان هێناوە لەزمانی (پێغەمبەری ئازیزەوەﷺ) ، کە فەرموویەتی:

**((إن المجوس كان لهم نبي فقتلوه وكتاب أحرقوه أتاهم نبيهم بكتابهم في اثني عشر ألف جلد ثور)).**[1]

واتە: (( مەجوسەکان پێغەمبەرێك و کتێبێکیان هەبوو کە پێغەمبەرەکەیان کوژرا و کتێبەکەشیان سوتێنرا، ئەو کتێبەی کە

---

[1] **ئەتوانی سەیری کتێبی (وسائل الشيعة)ی (حر عاملی)، بەرگی11، لا96، بکەیت.**

پێغەمبەرەکەیان بۆی هێنابوون لەسەر دوانزە هەزار پێستەی گا نوسرابوویەوە ))[1].

---

[1] ئەهلی کیتاب هەمان (یەهود و نەصاران)، بەڵام (مەجوسییەکان) لە ئەهلی کیتاب نین، بەڵکو لە ڕووی وەرگرتنی (جزیە) لێیان هەمان مامەڵەی ئەهلی کیتابیان لەگەڵدا دەکرێت. بەڵام لە بابەتەکانی تری وەك: ژن هێنانیان و بە حەڵاڵ زانینی قوربانییەکانیان لەگەڵ ئەهلی کیتابدا یەکسان نابن، وە فەرموودەکەی پێغەمبەریشﷺ کە دەڵێت: وەك ئەهلی کیتاب مامەڵەیان لەگەڵ بکەن، لە ڕووی وەرگرتنی جزیەوەیە. وە ئەم مامەڵەیەی پێغەمبەرﷺ لەگەڵ (مەجوسییەکان)دا وەك ئەوە وایە کە کیتابی ئاسمانییان هەبێت. بەڵام ئەوەی کە هەندێك دەڵێن کە پێویستە (مەجوسییەکان)یش بە هەمان شێوەی ئەهلی کیتاب لەهەموو ڕوویەکەوە بە یەکسانی مامەڵەیان لەگەڵ بکەین و لەم ڕووەوە بەڵگە بە قسەی نقڵکراو لەهەندێك لە هاوڵانەوە دەهێننەوە. دەڵێم کە سەرەتا ئەم قسە نقڵکراوانە جێگیر نین ، بۆ نمونە: ئەو وتەیەی (علیرضي الله عنه) کە لە سەنەدەکەیدا (سعید بن المرزبان) هەیە کە بە وتەی (ابن القطان – رحمە اللە-) ڕیوایەت لێیەوە جائیز نی یە. وە یان ئەوەی کە دەوترێت (حذیفةرضي الله عنه) لەگەڵ ژنێکی مەجوسیدا هاوسەرگیری کردووە، ئەم ڕیوایەتەش لە (احتجاج) دەرچووە.

لە لایەکی تریشەوە ئەو حەدیسەی کە (مالك –رحمە اللە-) لە (الموطأ) و کەسانی تری وەك (ابن ابی شیبە) و (عبدالرزاق) و (شافعی –رحمە اللە-) ڕیوایەتی دەکەن، کە لەوەرگرتنی جزیە لە(مەجوسییەکان) وەك ئەهلی کیتاب مامەڵە بکەن، ئەم حەدیسە ڕۆشنکەرەوەی ئەو ڕاستییەیە کە ئەم کۆمەڵەیە لەکاروباری تردا لەگەڵ

وە ئەم حەدیسە لەگەڵ ڕیوایەتە (زەردەشتییەکان)دا دەربارەی (کوشتنی زەردەشت) و لەگەڵ نامەکەی (تێنسەر)دا لەبارەی دووانزەهەزار پارچەی پێستی گاوە هاوشێوەیە و، ئێمەش بەپشتبەستن بەم پاشماوە ئیسلامییانە، ڕێز و گەورەیی بۆ (زەردەشت) دادەنێین و (زەردەشتییەکان)یش لەئەهلی کیتاب دەژمێرین و ڕێزیان لێدەگرین، وە لەهەمان کاتیشدا ئاینی (زەردەشتی) بە بەسەرچوو دەزانین، چونکە کتێب و پەیامە ئاسمانییەکەی (زەردەشت) بەسەلامەتی نەماوەتەوە و لەدەستێوەردان و شێواندن بەدوورنەبووە، وە ئەمەش خۆی بۆ خۆی

---

ئەهلی کیتابدا یەکسان نین و ئەگەر ئەهلی کیتاب بووایان (عمر رضي الله عنه) لەوەرگرتنی جزیەدا لێیان درەنگی نەدەکرد.

(ابو محمد ابن قدامه –رحمه الله–) لەکتێبە فیقهییە بە نرخەکەیدا( المغني) دەنوسێت: ((وليس للمجوس كتاب ولا تحل ذبائحهم ولا نكاح نسائهم)) ، واتە: مەجوسییەکان نەکتێبیان هەیە و نەقوربانییەکانیان حەڵاڵە و نەخواستنی ژنانیشیان حەڵاڵە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هەندێك لە فوقەهای وەك هاوشێوەی (أبو ثور –رحمه الله–) لەسەر ئەم بۆچوونەیە کە (مەجوسییەکان)یش هاوشێوەی ئەهلی کیتاب پێویستە لەهەموو ڕوویەکەوە بە یەکسانی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، بەڵام ئەم بۆچوونە پێچەوانەی ئەو ئیجماعە وەرگیراوەی سەردەمی هاوەڵانە خوا لێیان ڕازی بێت. (لێکۆڵەری کتێبخانەی عەقیدە).

نیشانەی هەڵوەشاندنەوەی ئەم ئاینە و سەرهەڵدانی ئاینێکی نوێ و کتابێکی تازەیە.

## ئاینی هاوەڵ دانان بۆ خودا:

ئاینی (زەردەشتی) لەبنچینەدا ئاینێکی یەکتاپەرستی بووە، بەڵام ئەو ئاوێستایەی کە ئێستا لە بەردەستدایە، ئاینێکی بتپەرستی و هاوەڵ بۆ خوادانانە. ((ڤەندیداد)) ئافرێندراوەکانی لەنێوان (ئاهورامەزدا) و (ئەهریمەن)دا دابەش کردووە و، هەر بەشێك دەداتە پاڵ یەکێك لەو دووانە ! بۆنمونە دەنوسێت: ((من ئاهورامەزدا دووەمین وڵات کە بە پاکی دروستم کرد دەشتێکە کە گەلانی (سوغد) تیایدا نیشتەجێن، بەڵام ئەهریمەنی مەرگاوی و خراپەکار لەدژیدا ئافاتی کوللەی دروست کرد)) [1].

یان دەنووسێت:

---

[1] وندیداد اوستا ترجمە دکتر موسی جوان، صفحە 59 یان (وندیداد، ترجمە هاشم رضي، ج1، ص 194 ).

((چوارەمین وڵات کە من (ئاهورامەزدا) دروستم کرد (بەلخ)ی سەرنجڕکێش و بەگوڵ ڕازێنراوەیە، کەچی ئەهریمەنی مەرگاوی لەدژیدا مێرووڵەی دروستکرد)) [1].

هەر بەم جۆرە (ڤەندیداد) کێبڕکێی (ئاهورامەزدا) و (ئەهریمەن) لەناوچە جیاوازەکانی سەرزوەیدا نیشان دەدات، وە خوداوەندی دروستکەری بوون بەبێتوانایی تاوانبار دەکات لەبەرامبەر (ئەهریمەن)دا.

ئەگەر لە (ڤەندیداد)دا (هاوەڵێتی لەدروستکردندا) گرنگی پێدراوە، لە(گاتا)دا کە جێی شانازی (زەردەشتییەکان)ە فەرمانکراوە بە(شرك لە پەرستش)دا! و لەگەڵ (ئاهورامەزدا)دا فریشتەکانیش دەپەرسترێن! هەر وەك لەم چەند بڕگانەی خوارەوەدا ئاماژەی پێ دەدەین:

(ئەی (ڤەهومەن) و ئەی (ئیشا) ئەوەی کە لەلایەن منەوە ئەنجامدەدرێت، ئەونوێژەی کە لەلایەن منەوە بۆ ئێوە و کەسانێکی وەك ئێوە دەکرێت و ئەو وتانەی کە بۆ سوپاسگوزاریتان دەیڵێم، ئەوانە بە ڕاست و دروست بزانن ....). (گاتها، ترجمە: پور داود، صفحە:45).

(ئەی بە تواناتر لەهەمووان، ئەی (ئاهورامەزدا)، ئەی (ئارامتی)، ئەی (ئیشا)، ئەی (ڤەهومەن)، ئەی (خشترا)، ئەی ئەو کەسانەی کە

---

[1] وندیاد اوستا، ترجمە دکتر موسی جوان، صفحە61، یان (وندیداد، ترجمە هاشم رضي، ج1، ص 194 ).

بەخششەکانی فیردەوس لە دەستی ئێوەدایە، گوێم لێبگرن و بەزەییتان پێمدابێتەوە لەوڕۆژەدا کە حساب و پاداشت و سزای هەر تاکێك دەستپێدەکات) (گاتا، ص:47).

(تۆ سوڵتانی ڕاستیت، تۆ توانایی ڕاستییت، ئەی (مەزدا)، ئەی (هومەن)، ئەی (ئاشا) تکام لە ئێوە ئەوەیە کە یارمەتی لێقەوماوان و بێچارەکان بدەیت). (گاتا، ص:53).

(ئەی (مەزدا)، ئەی (ڤەهومەن)، ئەی (ئیشا) ئێوە دەستەڕاستی سەڵتەنەت و دەستەڕاستی تواناییین، داواکاریم لێتان ئەوەیە کە دەستگیرۆیی دەستکورت و بێچارەکان بکەن). (گاتها، ص:53).

ئیسلام یەکتاپەرستییەکی نایاب و بێ وێنەی بۆ هەمووان هێناوە و دووانەیی و فریشتە پەرستی ئیدانە دەکات.

(قورئانی پیرۆز) دەفەرمووێت:

﴿لَا تَتَّخِذُوٓاْ إِلَـٰهَيۡنِ ٱثۡنَيۡنِۖ إِنَّمَا هُوَ إِلَـٰهٞ وَٰحِدٞ﴾**(النحل: 51).**

واتە: (دوو پەرستراو بۆ خۆتان دامەنێن، ئەو خودایەکی یەکتایە نەزیاتر).

هەروەها (قورئانی پیرۆز) دەفەرمووێت:

﴿وَلَا يَأۡمُرَكُمۡ أَن تَتَّخِذُواْ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةَ وَٱلنَّبِيِّـۧنَ أَرۡبَابًاۗ أَيَأۡمُرُكُم بِٱلۡكُفۡرِ بَعۡدَ إِذۡ أَنتُم مُّسۡلِمُونَ ٨٠﴾ (آل عمران: 80).

واتە: ( فەرمانتتان پێنەكات كە فریشتەكان و پێغەمەران بە پەروەردگارانی خۆتان دابنێن، ئایا لەپاش موسوڵمان بوون فەرمانتتان بە كوفر پێدەكات ؟!

هەر بەڕاستی ئایا ڕەوایە كە موسوڵمانان یەكتاپەرستی پاك و پوختەی (قورئانی) بەجێبهێڵن و ڕووبكەنە شركی (ئاوێستا)یی (لە بەدیهێنان و پەرستشدا)؟!

(فَمَا لَكُمۡ كَيۡفَ تَحۡكُمُونَ ٣٥).

واتە: (ئەرێ ئەوە چیتان لێ قەوماوە؟ چۆن چۆنی دادوەری دەكەن؟!

لە(گاتا)دا دەبینرێت كە (زەردەشت) گلەیی لە(ئاهورامەزدا) دەكات كە بۆچی (ڕەشە وڵاخ و زەوی و زاری) زیاتری پێ نەداوە!

هەروەك كە دەیخوێنینەوە:

(ئەی (مەزدا) من دەزانم كە بۆچی ناتوانین كاری زیاتر بكەین و بەرەوپێشی ببەین، لەبەرئەوەیە كە ئەومەڕومالات و كاركەرانەی كە پێتداوم كەمن ....) (گاتا، ترجمە پور داود، ص:87).

ئایا ئێمە پاڕانەوە بەرز و بڵندەکانی ئیسلام بخەینە کەنارەوە و لەبەر کەمی مەڕ وماڵات گلەیی لەخودای پاك بکەین؟! ئایا ئەمەیە مانای یەکتا پەرستی (ئاوێستایی)؟!

له (گاتا)دا (ئاهورامەزدا) ڕاوێژ بە فریشتەکانی دەکات! ئایا ئەو کەسەی کە زانیاری بێ سنوری هەیە ڕاوێژ بە دروستکراوەکانی خۆی دەکات؟! لە (گاتا)دا هاتووە:

(ئەی مەزدا تۆ باوکی پیرۆزی ئەم دانایەیت، ئەی ئەو کەسەی کە جیهانی شادومانی بەخشت دروستکرد و لەپاش ڕاوێژ بە (هومەن)ی پاك و لەڕێگەی (ئارمتی)ەوە چاکە و ئاشتیت پێ بەخشی) (گاتا، ترجە:پور داود،لا:101).

له (گاتا)دا تواناکانی (ئاهورا) ڕووبەڕووی گومان و ڕەددانەوە دەبێتەوە، وەك ئەوی کە (زەردەشت) لە(مەزدا) دەپرسێت:

(ئەی (ئاهورا) لێت دەپرسم، هەر بەڕاستی من ئاگادار بکەرەوە لەوەی کە ئایا تۆ توانای ئەوەت هەیە کە ئەو (دوژمن) بە هۆی یارمەتی ڕاستییەوە لەمنی دووربخەیتەوە؟ ) (گاتا، ترجمە: پور داود، لا: 77).

ئایا ئەم جۆرە بەندە و خودایە لەگەڵ ئەو خودایەی کە (قورئانی پیرۆز) باسی دەکات یەکسانن؟!

# ئەحكام و ڕێوڕەسمی خوراف:

هیچ ئایینێك بە بێ شەریعەت یان ئەحكام و یاسای ئایینی نەهاتووە، ئێمە ئەگەر بمانەوێت ئاگاداری بڕیارەكانی ئایینی (زەردەشت) ببین، ناتوانین تەنها بە خوێندنەوەی (گاتا) وازبهێنین كە تیایدا بڕێك پاڕانەوە و سروت و پرسیار هاتووە، بەڵكو پێویستە كە بگەڕێینەوە بۆ بەشەكانی تری (ئاوێستا)، هەروەك (ڤەندیداد) و بیانخوێنینەوە و سەرنجیان بدەین!

لە (ڤەندیداد)دا ئەحكامی سەرسووڕهێنەر و نامۆ هەیە كە بەهیچ شێوەیەك جێگەی پەسەندكردن نییە لەلایەن ڕۆشنبیرانی (زەردەشتی)یەوە، بەڵام چارە چییە؟ خۆ ئاین بەبێ یاسا و شەریعەت نایەت، لەبەرئەوە ناچارین كە سەردەمی ئەم ئاینە بە (بە كۆتا گەشتوو) بزانین! لێرەدا بەهێنانەوەی چەند نمونەیەك لەوئەحكامانە ئەیبڕێنینەوە و دادوەری كردنیش دەسپێرین بەزەردەشتییە بەویژدانەكان .

لە(ڤەندیداد)دا ئەگەر (ژنێك منداڵی مردوو)ی ببێتبەم شێوەیە بڕیارلەبارەیەوە دراوە:

((ئەی بەدیهێنەری جیهانی بەرجەستە و ئەی پیرۆز، بڵێ بزانم، یەکەمین خواردن و خۆراکی ئەم ژنە ئەبێت چی بێت؟ (ئاهورامەزدا) وەڵامی دایەوە و وتی: ئەم ژنە پێویستە برێك خاکی تێکەڵ بە شیاکەی مانگا بە ئەندازەی سێ تیکە یان شەش تیکە یا نۆ تیکە بخوات))[1].

لە (ڤەندیداد)دا سەرەنجامی کەسێك کە شتێك ببات لەسەر جەستەیەکی مردوو کە بەئەندازەی دەزوویەکیش بێت یان شتێکی کەم نرخ ببات بەم جۆرە دیاری کراوە:

((ئەگەر مەزداپەرستێك لەسەر ڕووی جەستەیەکی مردوو شتێکی کەم نرخ ببات، هەرچەندە هێندەی ئەوەبێت کە لەتەشی و دەزووی ڕێسی کچێکی گەنج بەجێ دەمێنێت، ئەوا هەتا زیندوو دەبێت بەئاییندار و پاك دانانرێت و لەپاش مەرگیش لەبەهەشتدا جێگای نییە))[2].

لە(ڤەندیداد)دا سەبارەت بەو ژنانەی کە لەسوڕی مانگانەدان بەم جۆرە هاتووە:

---

[1] وندیداد، ترجمە دکتر موسی جوان، ص 128. وە هەروەها بۆ زانیاری زیاتر ئەتوانی سەیری : بەرگی دووەمی (وندیداد)، بە لێکۆڵینەوەی بەڕێز (هاشم رضی)، ص652 بکەیت.

[2] وندیداد، ترجمە دکتر موسی جوان، ص 140.

((ئەم ژنە ئەگەر هەركاتێك لەدوای نۆ شەوەوە هەم دیسان لەخوێنی حەیزدابێت، ئەوە وا دەردەكەوێت كە دێوەكان لەكاتی ئاهەنگ و خۆشییەكانی خۆیاندا دەرد و بەڵایان بەسەر ئەم ژنەدا باراندووە.

لەم كاتەدا پێویستە (مەزدا) پەرستان ڕێگەیەك هەڵبژێرن كە دار و درەختی تێدانەبێت و سێ چاڵ لەزەوییەكەدا هەڵبكەنن و ژنەكە لە دوو چاڵی یەكەمدا بە شیاكەی مانگا بشۆرن و لەچاڵی سێ یەمدا بە ئاو بیشۆرن))[1].

هەڵبەتە ئەم شۆردنە هەر تایبەت نییە بەژنێكەوە كە لەسووڕی مانگانەدا بێت، بەڵكو خۆ پاك كردنەوە بە پیسایی و میزی مانگا! لەئاینی (زەردەشت)دا بەناوبانگە[2] وە دیاریشە كە هەواڵی ئەم یاسایەی (زەردەشتییەكان) بە (أبی العلاء معری) شاعیر گەیشتووە كە وتوویەتی:

در شگفتم از خسرو و پیروانش

كه چهره‌ها را با شاش گاو می شویند!

ژنێك كە حەیز ببینێت حوكمی نامۆی هەیە، لەو حوكمانە كە لە(ڤەندیداد)دا دەبینرێت:

---

[1] وندیدات، ترجمه دكتر موسی جوان، ص 240.

[2] كاركردن بەم حوكمە لە (ڤەندیداد)، ج3، ص725 بە لێكۆڵینەوەی (هاشم رضی) ئەتوانن ببینن.

((ئەی بەدیهێنەری جیهانی بەرجەستە و ئەی پیرۆز، پێم بڵێ با بزانم پیاوێك کە خواردن و خۆراك بۆئەم ژنە (ژنێك کە لەحەیزدایە) دەهێنێت، ئەبێت چەندێك لێیەوە دوور بووەستێت؟

(ئاهورامەزدا) وەڵامی دایەوە و گوتی: ئەو پیاوەی کە بۆ ئەم ژنە (ژنێك کە لەحەیزدایە) خواردن و خۆراکی بۆ دەهێنێت، دەبێت سێ هەنگاو لێیەوە بەدوور بێت.

لە چ جۆرە قاپێکدا ئەبێت نانی بۆ ببرێت، لە چ جۆرە پەرداخێکدا دەبێت ئاو جۆی بۆ ببرێت؟

لە قاپی ئاسن یان قورقوشم یان هەر جۆرە کانزایەکی تر کە بەکار دەهێنرێت؟

بڕی چەندێك نان و ئاو جۆی بۆ ببرێت؟

(ئاهورامەزدا) وەڵامی دایەوە و گوتی: دوو پارچە نانی وشك و بڕێکی کەم ئاو جۆی بدرێتێ و لەوانەیە لەخۆراك کەمیدا لاواز و بێهێز ببێت.

هەرکاتێکیش دەست بدات بە منداڵێکەوە، ئەوا دەبێت هەردوو دەستی منداڵەکە بشۆردرێت و پاشانیش جەستەی منداڵەکەش بشۆردرێت))[1].

---

[1] وندیدات، ترجمە دکتر موسی جوان، ص 239.

**هاوسەرگیری لەگەڵ مەحرەم دا (هاوشێوەی خوشك و ...هتد) لە ئاینی (زەردەشتی)دا بە كارێكی باش و پەسەندكراو دادەنرێت و (زەردەشتییەكان) گرنگییەكی زۆریان پێداوە!**

**لە پرسیارێكدا كە لەكاهینێكی گەورەی (پەرستگای زەردەشتی) كراوە، پرسیاریان لێكردووە:**

**((ئەگەر هاوسەرگیری لەگەڵ مەحرەم دایك یان خوشكدا بێت كە نیاز نەبێت بە منداڵ بوون لێیان، ئایا ئەم هاوسەرگیرییە بە شتێكی تەواو دادەنرێت و حوكمی بنچینەیی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە چی یە؟ ئایا پاداشتی هاوسەرگیری لەگەڵ هەر جۆرێك لەمەحرەمەكاندا وەك یەك یەكسانە یان هەندێكیان سود و چاكەی زیاترە؟**

**وەڵامی (كاهینی زەردەشتی) بەم جۆرە بوو:**

**هاوسەرگیری لەگەڵ مەحرەمدا بەتایبەتی هەریەكە لەم سیانە (دایك، خوشك، كچ) بەچاوپۆشین لەتەمەن، بەهاوسەرگیرییەكی كامڵ و ڕێكوپێك دادەنرێت و لەم ڕووەوە ئەگەر منداڵیش پەیدا نەبێت، ئەوا لەنرخ و پاداشت و چاكەی ئەم هاوسەرگیرییە كەم ناكاتەوە))[1].**

---

[1] ئەتوانن سەیری كتێبی (اِمیدِ اَشَوَهیشتان) بكەن، لا:181 و 182 كە خاتوو (دكتر نزهت صفای اصفهانی) لە مەتنی (پەهلەوی)یەوە وەریگێڕاوە بۆ (فارسی). وە هەروەها سەیری بەرگی 2ی (وندیداد) بە لێكۆڵینەوەی (هاشم رچی) بكەن، لا:925.

ئەمانە چەند نمونەیەکی کەم بوون لەئەحکام و شەریعەتی ئاینی (زەردەشتی)، تۆیش ئەتوانیت لێکۆڵینەوەی زیاتر بکەیت و شتی زۆر لەم بابەتە بخوێنیتەوە و ببینی!

## گومانەکانی بانگەشەکارانی زەردەشتی:

جارێك دەڵێن کە قورئان بەزمانی عەرەبی و بۆ عەرەبەکان هاتووە، نەك بۆ فارسی زمانەکان کە زمانی قورئان نازانن!

وەڵام ئەمەیە کە سەرەتا: فارسی زمانانی ئەمڕۆش زمانی (ئاوێستایی) نازانن کە لەزمانی (سانسکریتی)یەوە نزیکە، کە بەم فارسییەی ئێستە کە ئێمە قسەی پیٚ دەکەین لەزەوی تا ئاسمان جیاوازی هەیە. کەواتە لەبەرئەمە دەبێت ئێوەش فارسی زمانانی ئەمڕۆ بۆ بوون بە (زەردەشتی) و کتێبی (ئاوێستا) بانگ نەکەن و واز لەبانگەواز بهێنن!

دووەم: قورئان هەرچەندە کە بە زمانی عەرەبی دابەزیوە، بەڵام گوتارەکەی بەم جۆرەیە: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡإِنسَٰنُ﴾ و ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ﴾ و

﴿يَـٰبَنِىٓ ءَادَمَ﴾ نەيفەرمووە ((يَا أَيُّهَا العَرَبُ))! بەڵكو ئاماژە دەدات کە بۆ جیهانیان هاتووە، هەر بەو جۆرەی کە دەفەرمووێت: ﴿إِنۡ هُوَ إِلَّا ذِكۡرٌ لِّلۡعَـٰلَمِينَ ٢٧﴾ (التكوير: 27).

واتە: (ئەم قورئانە جگە لە پەند بۆ جیهانیان هیچ شتێکی تر نی یە).

وە دەربارەی (پێغەمبەرﷺ) فەرموویەتی: ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَـٰكَ إِلَّا رَحۡمَةً لِّلۡعَـٰلَمِينَ ١٠٧﴾ (الأنبياء: 107) .

واتە: (تۆمان بۆ هیچ شتێکی تر نەناردووە تەنها ئەوە نەبێت کە ڕەحمەت بیت بۆ جیهانیان).

وە دیسانەوە دەفەرمووێت: : ﴿قُلۡ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنِّى رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيۡكُمۡ جَمِيعًا﴾ (الأعراف: 158).

واتە: (بڵێ: ئەی خەڵکینە من نێردراوی خودام بۆ هەر هەمووتان).

وە لە نێوان هاوەڵانی (پێغەمبەرﷺ)دا کەسانی ڕۆمی و فارسی و حەبەشی هەبوون، وەك: (صوهەیب ڕۆمی و سەلمان(روزبە)ی فارسی و بیلالی حەبەشی) بوونیان هەبوو و (پێغەمبەرﷺ) پێی نەفەرموون کە

من بۆ ئێوە پەیامم نەهێناوە و واز لەموسوڵمانێتی بهێنن! و بگەڕێنەوە سەر ئاینی باب و باپیرتان، بەڵکو بەپێچەوانەوە بۆ پاشای ئێران (خەسرەو پەروین) و بۆ پادشای حەبەشە (نەجاشی) و بۆ ئیمپڕاتۆری ڕۆم (هیراکیلیوس–هیرەقل–) نامەی نارد و ئەوانەی بۆ ئاینی ئیسلام بانگ کرد، هەر بەو جۆرەی کە لەمێژووی باوەڕپێکراودا هاتووە و، مەتنی نامەکانی (پێغەمبەری نازدارﷺ)یان وەك خۆی گواستووەتەوە.

سێیەم: ئەگەر ڕاستی بە هەرزمانێك دەربکەوێت ئەوا پێویستە وەربگیرێت و قبوڵبکرێت، ئیتر بۆ عەرەب و فارس و ئینگلیز و ڕووس و .....هتد هیچ جیاوازییەکی نییە، لەم سەردەمەدا دانایان و زانایانی ڕۆژئاوا بابەتەکانیان لەبواری (پزیشکی و مێژوو و فەلسەفە و زانستەکاندا) بەگشتی بەزمانی ئینگلیزی دەنووسن، ئایا ئەمە بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە ئێمە بانگەشەی ئەوەبکەین کە ئێمە بیروبۆچوونە زانستییەکانی ئەوان قەبوڵ نەکەین و وەریان نەگرین، لەبەر ئەوەی کە بەزمانی ئینگلیزی نووسراوە و زمانی دایکیی ئێمە فارسی یە؟!

یان هەندێکجار دەڵێن: ئیسلام بە زۆری شمشێر سەپێنراوە!

وەڵام ئەوەیە کە یەکەم: ئێوە (زەردەشتین) نەك (موسوڵمان)! وە خەڵکی تریش هاوشێوەی ئێوە ئەیانتوانی ئاینی باب و باپیرانیان بپارێزن و نەبنە موسوڵمان.

دووەم: (پێغمبەرصلى الله عليه وسلم) فەرمووی کە لەگەڵ ئێوەدا بە هاوشێوەی (ئەهلی کیتاب) مامەڵە بکرێت و ئەهلی کیتابیش لەئاینەکەیاندا ئازادن و هەر لەسەردەمی سەرەتای ئیسلامەوە تا ئێستا (یەهودی و نەصرانی) لە نێوان موسوڵماناندا ژیان بەسەر دەبەن و (کەنیسە) و (کلێسا)یان هەیە، بە هەمان شێوە ئێوەش ئازاد بوون و ئازادن و پەرستگای (ئاگر)تان هەبووە و هەیە و خەریکن مەڕاسیمە ئاینییەکاتنان بەڕێوە دەبەن.

موسوڵمانان کە هاتنە ئێران لەگەڵ سوپای (یەزد گەرد)دا جەنگان، نەك لەگەڵ خەڵکی ئێران و ئاینی (زەردەشت). سوپای (ساسانی) سەردەمی (خوسرەو پەروین) لەدژایەتی موسوڵماناندا دەستکورتی نەدەکرد و هۆز و خێڵە عەرەبە ئاژاوەگێڕەکانی لەدژی موسوڵمانان هاندەدا و بەکاری دەهێنان بۆ پارێزگاری کردن لەحکومەتی ناوەندی (ساسانی)، هەر ئەم هۆکارەش بوو کە وایکرد موسوڵمانان ڕووبەڕوویان وەستانەوە و جەنگ بەرەو ناو ئێران سەری کێشا[1]، ئەگەرنا وتاری قورئان بەم جۆرەیە: ﴿لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِ﴾ (البقرە: 256).

واتە: (بە هیچ شێوەیەك زۆرکردن لەئاییندا نییە).

---

[1] بۆ درێژەی بابەت ئەتوانن سود لە کتێبی (دین ستیزی نافرجام)ی ئەم بەندەیە(مەبەستی خۆیەتی – وەرگێڕ) ببینن، لا:24 بە دواوە.

وە ئێمەی موسوڵمان بەزۆر ئایین نادەین بەسەر کەسدا، چ مەسیحی بن یان زەردەشتی یان جگە لەئەوانیش.

وە یان دەڵێن: (سەلمانی فارسی) ئیسلامی داهێناوە و فێری (موحەممەد)ی کردووە !

وەڵام ئەمەیە کە: (سەلمان) بە پێی گوزارشتی مێژوو لە(مەدینە) بە(پێغەمبەرﷺ) گەیشتووە نەك لە(مەککە)! وە لەوکاتەشدا سیانزە ساڵ بەسەر بانگەوازی ئیسلامەتیدا تێپەڕیبوو و (هەشتا سورەتی قورئانی پیرۆز) دابەزی بوو، لەم ماوەیەشدا هیچ دەنگ و باسێك لە(سەلمان) نەبوو. وە پاش ئەوەی کە ئەو کرابوویە بەندە، بەدەستی موسوڵمانان ئازاد بوو و بەشەرەفی موسوڵمان بوون شاد بوو و شوێنکەوتە بوو نەك بەشوێنداهاتوو.

موسوڵمانانی ئەو سەردەمەی کە دەستیان گەیشت بەئێران، (سەلمان)یان کرد بە فەرمانڕەوای (تیسفۆن) نەك کەسێکی عەرەب! وە (سەلمان)یش بە ئەوپەڕی زوهدەوە حوکمی ئەو فارسانەی کرد و هیچ کرێ یەکیشی لە(بیت المال) لەپێناو ئەو کارەیدا وەرنەگرت، بەڵکو لەدەست ڕەنجی خۆی سوودی وەردەگرت کە (ڕاخەر چنین) بوو، وە ئەوەی نیشاندا کە موسوڵمان بەئیمان و خۆپارێزە، نەك ساختەچی و گەندەڵ و دین فرۆش!

وه یان دەڵێن: ئاینی (زەردەشت) لەهەموو ئاینەکانی تر لەپێشتر و باشترە، چونکە پشت دەبەستێت بە ((بیر و بۆچوونی جوان و گوفتاری جوان و کرداری جوان)).

وەڵام ئەمەیە کە هەموو ئاینەکان داواکارییان ئەوەیە کە دەبێت بیروبۆچوون و وتە و کردار پەسەند و جوان بن، بەڵام جیاوازییەکە ئەوەیە کە ئایا بیروبۆچوون و گوفتار و کرداری جوان و پاك کامەیە؟ ئایا ئێوە وا گومان دەبەن کە بیروبۆچوونی هاوەڵ بۆ خوادانان و پەرستنی فریشتەکان و شۆردن بەپیسایی مانگا و هاوسەرگیری لەگەڵ مەحرەمەکاندا لەبیروبۆچوون و کردارە پاك و جوانەکانن؟!

یان هەندێکجار دەڵێن: ئیسلام لەگەڵ دوژمنەکانیدا بەربەرەکانێ دەکات، بەڵام ئاینی (زەردەشت) ئاینی ئاشتی و ئارامی و نەرم و نیانی یە!

وەڵام ئەمەیە کە: زۆر بە داخەوە ئێوە تەنانەت زۆر کەم و کورت لە ئایینەکەی خۆیشتان شارەزا، چونکە لە(گاتا)دا کە بە کۆنترین و باوەڕپێکراوترین بەشی (ئاوێستا) دادەنرێت نووسراوە:

((هۆکاری گەندەڵی و خراپەکاری ئەو کەسەیە کە ڕووی کردووەتە ئاینی درۆینە[1]، ئەم تێکدەرانەی ئاینی پیرۆز دەیانەوێت ئایینداران بێ ڕێز

---

[1] مەبەست لە ئاینی غەیر زەردەشتی یە.

پیشانبدەن، وە جەستەی ئەوانە بە تاوان ئالودە بووە، ئەوە لەکوێیە پارێزەری ئاینی ئەوسەروەر و دادگەرە، تا ئەوانە لە ژیان و ئازادی بێ بەش بکات)) (گاتا، ترجمه ابراهیم پور داود،ص: 147).

گومانی تریشیان باس کردووە، بەڵام ئێمە بە ڕەچاوکردن لەکورتی بابەتەکە بەم ئەندازەیە دەست هەڵدەگرین و هەمووان بۆ لەخودا ترسان و ترس لەلێپرسینەوەی ڕۆژی دوایی بانگهێشت دەکەین.

مصطفی حسینی طباطبائی

بانگخوازی ئیسلامی